# جوداخوازی.هەنگاوێکە بەرەو شتێکی باشتر

نووسینی: ستافان هێمیرسۆن
وەرگێرانی: کاوە ئەمین

وشەیەکی باش دەربارەی جوداخوازی بلێ. سەیری کاریگەریەکانی بکە. بەڕێوەبەرانی دەوڵەت شێت و هار دەبن. نێوچاوان گرژ دەبن. دەوڵەتانی درواسێ خۆیان چەکدار دەکەن. دەیکەنە هات و هاوار. نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار دەکەنەوە. موختارە سیاسییەکان شێت دەبن. وشەی مافی گەلان تەپوتۆزی لێ دەتەکێنرێت. چەکەکان دەخرێنە سەر پشت. بەزووترین کات خوێن فوارە دەکات.

سەیرە! خەباتی جوداخوازەکان، پڕ بە پێستی ئەو پەرەگرافەی پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە دەڵێت" ئاشتی جیهان کاتێک سەقامگیر دەبێت کە هەڵوێست لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی، هەق پێدان و مافی چارەی خۆنووسین، وەربگیرێت". من هیچ شتێکی نادیار لە نێوان "جوداخوازی" و " مافی چارەنووسی گەلان" دا، نابینم. لەم سەردەمی گلوبالیزم و خربوونەوە لە شێوەی بلۆکی گەورەی وەکو یەکیەتی ئەورووپا دا، دەنگدانەوەی جوادخوازی لە ڕاستیدا وەکو شتێکی بەسەرچوو وایە. بەڵام زۆربەی جار جوداخوازی هەنگاوێکە بەرەو شتێکی باشتر. شتێکی دڵخوازانەیە کە جوداخوازی وەکو شەخسیەت تەماشا بکرێت لە ( مێژوو یان لە زمان و دین و شێوەی ژیان، ڕووکەش یان هەر شتێکی تردا). حەتمەن (بێ ئەم لاولا) دەبێت زۆرینە لە پشت ئەو داوایەوە بن، ئەمەش کودەتایەک نییە بۆ بەرژەوەندی خێڵێک یان نوخبە یانیش دەستەبەندی سیاسی.

کاتێک ئەم بیرانەم بە خەیاڵدا هات، بە ئوتۆمۆبیل بە نێو وڵاتی باسکدا، دەڕۆیشتم. ئێستا ڕەنگە ئێوە پێتان وا بێت کەمن بە شان وباڵی (ئی. تی. ئای) دا هەڵدەدەم. بە پێچەوانەوە. (ئی.تی.ئای) هەروەک (ئی.ئێر.ئای) لە باکووری ئیرلەندا، لە نمونەی ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازانەن کە خۆیان بە دیواردا کێشا. بەیادی جارانەوە لەسەر ڕێگای سێرپیتن لە پیرینێ، بەرەو ئەو گوندانە ڕۆیشتم کە دەکەونە نێوان ئیسپانیا و فەرنساوە. لەم گوندانەدا، سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە سافینهاوسیس (کە زۆربەی جار ماڵی قەشەکان بوو)،لەگەڵ ئەو گەنجە ناسیۆنالیستانەی کە مۆتەکەی سەربەخۆیی سواریی سەریان ببوو،دیدارم ساز دەدا. ئەوان بەخۆیان ئەو چەک و تورکە قاوەییەی کە دەموچاوی خۆیانیان پێ دەشاردەوە، حاڵیان لە خۆیان دەهێنا. چ قارەمانێک بوون! ئەوان لە بەرهەڵستکارە ئازاکانی دژی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ بوون. ڕاویان دەکردن، دەیانگرتن و بەشێکیان بە مردن حکوم دەدران، بەڵام هاورێکانیان درێژەیان بە تێکۆشانیان لە پێناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی باسکدا، دژی فرانکۆ دەدا. سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئیسپانیا بووە وڵاتێکی دیموکرات. هەرێمی باسک ئۆتۆنۆمی خۆی وەرگرت، پەرلەمانی خۆیان و تەلەفزیۆن بە زمانی (جاران قەدەغەکراو) خۆیان هەیە. باسکەکان بە ئازادی و سەرەبەخۆیی دەژین، بەڵام هەمانکات وەکو بەشێک لەو وڵاتی ئیسپانیا. تەنها بەشێکی کەمی توندڕەوی ماویستی داواکاری ئێکستریمیستانەیان هەیە. ئەوان هاووڵاتیانی خۆیان دەخەنە ژێر هەڕەشەی تیرۆرەوە. ئێستا لە وڵاتی باسک سێ هەزار حاکم، پرۆفیسۆر، ڕۆژنامەنووس و پاککەرەوە (کەناس)، پێویستیان بە پاسەوان هەیە.

لە ئیرلەندا دوای سی ساڵ ناکۆکی و کوشتاری نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکان، جۆرە ئاشتییەک لە ئارادایە. ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ڕێ لابراون و بەشداریکردن لە سایسەتدا، بەرەو هەڵکشان دەچێت. ئەمەش گرفتێکە بۆ میلتانەکانی (ئای.ئاڕ.ئەی)، کاتێک مشکیلە لە ئاراد نەبێت.

به کارهێنانی هێز بووته شێویەکی ژیانی پیاوانی (ئای.ئار.ئەی). ئەوان بوونەتە گاگنستەر (ئەرباب)، ماوەیەک پێش ئێستا لە بانک بریێکدا پەنجا ملیۆن دۆلاریان بەدەست خست. لە شەڕەکانی نێو بارەکاندا، ئەندامانی خۆیان دەکوژن و شایەتەکانیش چاوترسێن دەکەن.
لە نێوە ئەو هەردوو ڕێکخراوەی کە ناومان هێنان، ڕیشووە خواردن دەستی پێکردووە، ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە سالانێک لە ئایدیالیزم و پالەوانێتی جێگایان خالی بووەتەوە. ئەوان وەکو مرۆڤی پیاوکوژ و خوێنسارد و لە سیاسەت لە ڕێ لادراویان لێهاتوە.
دەبێت سوپاسی جوداخوازی بکەین کە ولاتانی بە شکۆی وەکو ئەمریکا و هیندستان دامەزراون ( هەردووکیان خۆیان لە دەست کۆلۆنیالزمی بەریتانی ڕزگارکرد)، سلۆڤێنیا (یەکەم ولات بوو کە خۆی لەدەست یوگسلاڤیا کە سەربەکان حکومڕانیان دەکرد، ڕزگار کرد) و نەرویج ( سەد سال پێش ئێستا بە شێوەیەکی ئاشتیانە خواحافیزی لە سوێد کرد).
دەبا ڕێگا بدرێت، جوادخوازی شان بە شانی گلوبالیزم و بەرەفروانکردنی ئەوروپا، گول بکات. ئێمە دەبێت پشتیوانی لە تایوان بکەین و وەکو ولاتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنێین. وەکو دەستپێکێک تایوانییەکان دیموکراتن. بە پشتیوانی خوا چیچینیە هەژارەکانیش یەکدەگرن بە شێوەیەکی وا کە دواڕۆژی خۆیان دیاری بکەن، دوا ڕۆژێک کە من خۆشحال دەبم ئەگەر بەبێ پۆتین و ڕووسە دەمانچە لەسەرپێکان بەدی بێت. هەرچی فەلەستینیەکانە، ئەوە وەک ڕۆژ ئاشکرایە. سەربەخۆی و بەمرووری زەمەن پەیوەندی بازارگانی لەگەل ولاتی دراوسێی ئیسرایلیان دا.
ئەی کۆسۆڤۆ؟ جوادخوازەکان زۆرینە پێکدەهێنن لە کۆسۆڤۆ. ناتوانرێت ئەوان بە زۆر ناچاربکرێن کە لەگەل سەربستان بمێننەوە (بەلام دەبێت ژیانی ئەو کەمینە سەربەی کە لە کۆسۆڤۆ دەژین گەرانتی بکرێت).
بەلام ئەی کوردستان؟ کاتێک بە ئوتۆمۆبیل بە نێو ولاتی شاخاویی باسکدا دەڕۆیشتم، بە ئاسانی دەکرا شتە هاوبەشەکانی ئەوان و کوردەکان ببینرێن. من خۆشحالی خۆم لەگەل کوردەکان دەردەبرم، بۆ ئەو بەرەوپێشچوونە ئەگەرچی زەحمەتانەی کە لە دامەزراندنی دەولەتێک لە بەغدای نوێی دیموکراتدا دەکرێن،کە لەسەر ئەو بنەمایانە دادەمەزرێت کە کوردەکان لە دەولەتی نوێی عێراقی فیدرالدا، ئۆتۆنۆمیەکەی خۆیان مەحکەم بکەن. سەرکەوتوو بن.
بزووتنەوەی گەورە نەتیجەی نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێچەوانەکەشی چەقینە.
سەرچاوە: ئافتونبلادت 2 ئابریل 2005